سێ کاندید و لیستێک بەهۆی سەرپێچی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دا سزا دەدرێن



دوو گاندیدی یەکێتیی لە بازنەی هەولێر هەر یەکیان بە 500 هەزار دینار سزا دەدرێن بە پاساوی ئینجامدانی بانگەشەی پێشوەخت لە مزگەوتدا، هەروەها لیستی نەوەی نوێ لە سلێمانی بە یەک ملیۆن دینار و کاندیدێکی لیستەکە بە 500 هەزار دینار پێبژاردن بە پاساوی سەرپێچی بانگەشەی هەڵبژاردن سزا دەدرێن.

سزادانی ئەو سێ بڕیارانە و لیستی نەوەی نوێ لە چەند بڕیارێکدا بووە کە 30ـی ئەیلوولی 2024، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەری کردوون، وەک یاسایەک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها لە ماوەی یەک هەفتەی بانگەشەی هەڵبژاردن دا لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک، 20 سکاڵا لەسەر سەرپێچییەکانی بانگەشە تۆمارکراون.